# دەستکەوتەکانی جامی جیهانی ٢٠١٠






**دوای ئەوەی هەفتەی رابردوو یارییەکانی جامی جیهانی ٢٠١٠ لە باشووری ئەفریقیا کۆتایی پێهات، هەڵبژاردەی ئیسپانیا توانی بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا ببێتە پاڵەوانی جیهان، لەم مۆندیالە چەندین دەستکەوتی مێژوویی بەدەستهاتن کە بریتین لە.**

* هەردوو هەڵبژاردەی یۆنان و سلۆڤینیا توانیان بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیاندا سەربکەون بۆ جامی جیهانی، دوای ئەوەی هەڵبژاردەی یۆنان توانی لە هەڵبژاردەی نێجیریا بباتەوە بە ئەنجامی ٢-١ گۆڵ و هەڵبژاردەی سلۆڤینیا توانی لە هەڵبژاردەی جەزائیر بباتەوە بە ئەنجامی ١-٠ گۆڵ.

* هەڵبژاردەی ژاپۆن توانی یەکەم سەرکەوتن لە دەرەوەی یاریگەی خۆی لە مێژووی جامی جیهانی بە دەست بهێنێت دوای ئەوەی توانی لە هەڵبژاردەی کامیرۆن بباتەوە بە ئەنجامی ١-٠ گۆڵ.

* هەڵبژاردەی نیوزلەندە توانی دەستکەوتێکی مێژوویی بۆ خۆی تۆمار بکات دوای ئەوەی توانی بۆ یەکەمجار سێ یەکسان بوون بە دەست بهێنێت لە سێ یاری بەرامبەر هەڵبژاردەکانی ئیتاڵیا و پاراگوای و سلۆفاکیا و یەکەم هەڵبژاردەیە لە مۆندیال، کە ماڵئاوایی لە مۆندیال بکات بەبێ ئەوەی تووشی دۆڕان بێت.

* یاریزان دیمتیریۆس سالبینجیدیس بووە یەکەم یاریزان لە مێژووی یۆنان، کە بتوانێت گۆڵ لە جامی جیهانی تۆمار بکات، هەروەها یاریزان دانییل ئەگر بووە یەکەم یاریزان لە مێژووی دانیمارك، کە لە یارییەکانی جامی جیهانی گۆڵ بە هەڵە لە خۆیان تۆمار بکات.

* دیدییە درۆگبا بووە یەکەم یاریزان لە مێژووی ئەفریقیا، کە بتوانێت گۆڵ لە هەڵبژاردەی بەرازیل تۆمار بکات لە مێژووی جامی جیهانی دوای ئەوەی لە یاری هەردوو هەڵبژاردەی بەرازیل و ساحل ئەلعاج توانی تاکە گۆڵی هەڵبژاردەکەی تۆمار بکات و یارییەکە بە ئەنجامی ٣-١ گۆڵ لە بەرژەوەندی بەرازیل تەواو بوو.

* یاریزانی هەڵبژاردەی ئەمریکا مایکل برادلی بووە یەکەم یاریزان لە

ئا.رێبین رەمزی

وەرزش
گوڵان







میژووی مۆندیال، کە بتوانێت گۆڵ تۆمار بکات و باوکی راهێنەری هەڵبژاردەکەی بێت.

* گۆڵچی هەڵبژاردەی سربیا ڤلادیمیر ستویکوڤیتچ بووە یەکەم گۆڵچی لە میژووی سربیا، کە بتوانێت لێدانی سزا لە جامی جیهانی دووربخاتەوە دوای ئەوەی توانی لە یاری هەردوو هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و سربیا لێدانی سزای یاریزان لۆکاس بۆدلسکی دووربخاتەوە.

* یاریزان داڤید ڤیا بووە یەکەم یاریزان لە میژووی ئیسپانیا، کە لە جامی جیهانی نەتوانێت لە لێدانی سزا گۆڵ تۆمار بکات دوای ئەوەی لە یاری هەردوو هەڵبژاردەی ئیسپانیا و هیندۆراس لێدانی سزای لە دەستدا.

* یاریزانی هەڵبژاردەی گانا ئەساموا گیان بووە یەکەم یاریزان لە میژووی جامی جیهانی کە نەتوانێت لە دوو جامی جیهانی لێدانی سزا تۆمار بکات، دوای ئەوەی لە جامی جیهانی ٢٠٠٦ لە یاری هەردوو هەڵبژاردەی گانا و چیك نەیتوانی گۆڵ تۆمار بکات و لە جامی جیهانی ٢٠١٠ لە یاری هەردوو هەڵبژاردەی گانا و ئۆرگوای لە دوا ساتەکانی یارییەکەدا لێدانی سزای لە دەستدا.

* یاریزانی هەڵبژاردەی مەکسیك بلانکۆ بووە یەکەم یاریزان لە میژووی تۆپی پێ مەکسیك، کە بتوانێت لە سێ جامی جیهانی گۆڵ تۆمار بکات بۆ هەڵبژاردەکەی دوای ئەوەی لە جامی جیهانی ٢٠٠٢ – ٢٠٠٦ – ٢٠١٠ توانی گۆڵ تۆمار بکات.

* یاریزانی هەڵبژاردەی کامیرۆن سۆنگ بووە یەکەم یاریزان لە میژووی ئەفریقیا، کە بەشداری لە چوار جامی جیهانی بکات، دوای ئەوەی لە هەریەکە لە جامی جیهانی ١٩٩٨ – ٢٠٠٢ – ٢٠٠٦ – ٢٠١٠ بەشداری کرد.

* سانی کایتا یاریزانی هەڵبژاردەی نێجیریا و فالۆن بهرامی یاریزانی هەڵبژاردەی سویسرا بووە یەکەم یاریزان لە میژووی جامی جیهانی هەردوو هەڵبژاردە کە کارتی سوور وەربگرن.

* هەڵبژاردەی پاراگوای توانی دەستکەوتێکی میژوویی بۆ خۆی تۆمار بکات بۆ یەکەمجار لە میژووی خۆیدا لە جامی جیهانی بگاتە قۆناغی هەشتەمی مۆندیال.

* هەڵبژاردەی باشووری ئەفریقیا بووە یەکەم هەڵبژاردە لە میژووی جامی جیهانی، کە میوانداری جامی جیهانی بکات لە قۆناغی یەکەم ماڵئاوایی بکات.

# ئەنیێستا چی لەسەر درێسەکەی نووسیبوو




دوای ئەوەی یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا ئەندریس ئەنیێستا لە یاری کۆتایی توانی گۆڵی سەرکەوتن بۆ هەڵبژاردەی ئیسپانیا تۆمار بکات، بۆ یەکەمجار نازناوی پاڵەوانیەتیەکە بەرزبکاتەوە بۆ وڵاتەکەی، لە کاتی گۆڵ تۆمارکردن ئەنیێستا درێسەکەی بەرزکردەوە شتێکی نووسیبوو، ئەم نووسینە پەیامێك بوو بۆ یەکێك لە یاریزانەکانی یانەی ئیسپانیۆڵ، کە بەهۆی نەخۆشیەکی دڵ کۆچی دوایی کرد، کە تیاییدا ئەنیێستیا نووسیبووی،(دانی گاراك هەردەم لەگەڵمانە). دوای کۆتایی هاتنی یارییەکە ئەنیێستا لە وەڵامی یەکێك لە پرسیارەکان وتی: حەزم کرد ئەمکارە بکەم، چونکە من و هاوڕێیەکانم ئەمە بە باشترین هەل دانێین بۆ ئەوەی دانی گارك بێتەوە یادی هەموو هاندەرانی ئیسپانیا. جێگەی باسە یاریزانی یانەی ئیسپانیۆڵ دانی گاراك لە یەکێك لە مەشقەکانی یانەکەی لە ساڵی ٢٠٠٩ لە وڵاتی ئیتاڵیا دڵی لە لێدان کەوت.



## سەیری ژووری خۆگۆڕینی هەڵبژاردەی ئیسپانیا بکەن



دوای کۆتایی هاتنی یاری کۆتایی جامی جیهانی ٢٠١٠ و بەدەستهێنانی جامی جیهانی، یاریزانانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا لە ژووری خۆگۆڕین ئاهەنگێکی گەورەیان ئەنجامدا، گشت یاریزانەکان مەیان خواردەوە بە شێوەیەك گەر سەیری ژووری خۆگۆڕینیان بکەیت لە یەکێك لە یانە شەوەکان دەچێت، ئەم وێنەیە باشترین بەڵگەیە. بە پێچەوانە یاریزانانی هەڵبژاردەی هۆڵەندە ژوورەکەی خۆیان بە خاوێنی جێهێشت.



## پیوڵ و پیکیە درێسی بەرشلۆنە لەبەر فابریگاس دەکەن

دوای ئەوەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا گەڕاوە شاری مەدرید جەماوەرێکی زۆر پێشوازی لە شاندی هەڵبژاردەی ئیسپانیا کرد، لە کاتی ئاهەنگێڕان هەردوو ئەستێرەی ئیسپانیا و یانەی بەرشلۆنە پیوڵ و پێکیە لە بەرامبەر هەزاران هاندەری ئیسپانیا و لەکاتی گواستنەوەی ئاهەنگەکە درێسی یانەی بەرشلۆنەیان لەبەر یاریزان فابریگاس کرد، ئەمەش هێمایەکە بۆ ئەوەی کە ئەم یاریزانە لە یانەی بەرشلۆنە نزیك بووتەوە لە وەرزی داهاتوو لە یانەی بەرشلۆنە یاری بکات.

جێگەی باسە فابریگاس لە تازەپێگەیشتووانی یانەی بەرشلۆنە یاری دەکرد، دواتر چووە یانەی ئەرسنالۆ و ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد لەم یانەیە.

# کوڕە شێتەکە دووبارە هاتە نێو یاریگە






پێش دەستپێکردنی یاری کۆتایی جامی جیهانی ٢٠١٠ لە نێوان هەردوو هەڵبژاردەی هۆڵەندە و ئیسپانیا، کوڕە شێتەکەی ئیسپانیا و یانەی بەرشلۆنە دووبارە هاتەوە نێو یاریگە بۆ ئەوەی دەست لە جامی جیهانی بدات. جیمی جامب ئەم هاندەرە سەر شێتە هەردەم بەوە ناسراوە، کە لە زۆربەی یاریگاکان دێتە نێو یاریگە و چەندین جار ئەم کوڕە گیراوە و سزا دراوە.

جیمی لە پاڵەوانێتی فەرەنسای کراوە بۆ تێنسی سەر زەوی هاتە نێو یاریگە و کڵاوەکەی یانەی بەرشلۆنەی لەسەر یاریزانی سویسری رۆجیە فێدریر دانا، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٤ لە یاری کۆتایی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا هاتە نێو یاریگە و لە یاری کۆتایی جامی جیهانی ٢٠١٠ هەوڵی دا کڵاوێکی یانەی بەرشلۆنە لەسەر جامی جیهانی دابنێت، بەڵام بەرپرسانی نێو یاریگە توانیان کۆنترۆڵی ئەم کوڕە شێتە بکەن و لە یاریگە ببەنە دەرەوە. جێگەی باسە ئەم کوڕە بەوە ناسراوە لە زۆربەی پاڵەوانێتیەکان و یارییەکان دێتە نێو یاریگە، وەکو رگبی و فۆرملا یەك و تۆپی پێ و تێنسی سەر زەوی و یەکێکە لە بەناوبانگترین هاندەرانی بەرشلۆنەیە.



## ئەم وێنەیە چێڵسی نیگەران دەکات

دوای ئەوەی یانەی چێڵسی لە چەند رۆژی رابردوو هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی یاریزانی یانەی لیڤەرپوول و هەڵبژاردەی ئیسپانیا فرناندۆ تۆریس بچێتە یانەی چێڵسی، بۆ ئەم مەبەستە سەرۆکی یانەی چێڵسی ئیبراهیمۆڤیچ چووە وڵاتی باشووری ئەفریقیا تاکو بە فەرمی بۆندی لەگەڵ مۆربکەن، بەڵام دوای ئەوەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا نازناوی جامی جیهانی بە دەست هێنا یاریزان تۆرێس لە شوێنی خۆگۆڕینی یاریزانەکان وێنەیەکی لەگەڵ جامی جیهانی گرتووە لەسەر شانی ئاڵای یانەی لیڤەرپوولی دانەوە، ئەمەش بووە هۆی نیگەرانی یانەی چێڵسی، لە بەرامبەردا بەرپرسانی یانەی لیڤەرپوول خۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەمکارەی تۆرێس راگەیاند، ئەمەش ئەوە دەگەینێت، کە یاریزانی ناوبراو ئامادە نییە یانەی لیڤەرپوول جێبهێڵێت و بچێتە یانەی چێڵسی.

## شڤانشتایگر ملوانکەی برۆنزی پێشکەش بە هاورێیەکی کرد




دوای ئەوەی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لە جامی جیهانی توانی ملوانکەی برۆنز بە دەست بهێنێت لە یاری پلەی سێیەم و چوارەم لە هەڵبژاردەی ئۆرگوای بردەوە بە ئەنجامی سێ گۆڵ بەرامبەر دوو گۆڵ، دوای وەرگرتنی ملوانکەی برۆنز، یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی بایرەن میونیخ شفانشتایگر ملوانکە برۆنزەکەی پێشکەش بە کچە هاورێکەی سارە براندێر کرد وەکو دیارییەك و دەربڕینی خۆشەویستی بۆ هاورێکەی، کە لە مۆندیال ئامادەی بینینی گشت یارییەکانی یاریزان شڤانشتایگر بوو.

# کاسیاس بێژەرە هاوڕێیەکەی ماچ دەکات



















دوای ئەوەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا توانی بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا ببێتە پاڵەوانی جیهان بۆ تۆپی پێ، دوای کۆتایی هاتنی یارییەکە کچە شۆخ و جوانەکەی ئیسپانیا کچە پەیامنێری کەناڵی ٥ پلاس ئیسپانیا سارا کاربۆنێرا و هاوڕێی ئیکر کاسیاس راستەوخۆ لێدوانێکی لە هاوڕێکی و گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیسپانیا ئیکر کاسیاس وەرگرت، ناوبراو پرسیارێکی لە کاسیاس کرد و وتی هەست بە چی دەکەیت کە بوونە پاڵەوانی جیهان؟

کاسیاس لە وەڵامێکی سەیردا راستەخۆ کچە هاوڕێکەی خۆی ماچ کرد لە بەرامبەر هەزاران بینەر کە ئەم چاوپێکەوتنە راستەوخۆ بوو.

جێگەی باسە سارا کاربۆنێرا رەخنەیەکی توندی لێدەگیرا و بە هۆکاری دۆڕاندنی هەڵبژاردەی ئیسپانیا لە بەرامبەر سویسرا بۆ ناوبراو دەگەڕێننەوە، چونکە لە کاتی یارییەکەدا لە دواوەی گۆڵی کاسیاس راوستابوو و هەروەها لە گشت یارییەکان دوای کۆتایی هاتنی یارییەکان تەنیا چاوپێکەوتنی لەگەڵ کاسیاس دەکرد.

# ئاڵای کەتالۆنیا لە باشووری ئەفریقیا دەدرەوشێتەوە

دوای ئەوەی ناوبژیوانی یاری کۆتایی فیکەی کۆتایی یارییەکەی لێدا بە سەرکەوتنی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و بەدەستهێنانی جامی جیهانی ٢٠١٠، زۆربەی یاریزانەکانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا ئاڵای ئیسپانیان بەرزکردەوە، بەڵام هەردوو یاریزان زاڤی و پیۆل ئاڵای هەرێمی کەتالۆنیایان لە نێو یاریگە و لەبەرچاوی میدیاکان بەرزکردەوە، هەرچەندە لە نێو یاریگە شاژنی ئیسپانیا و کوڕی پاشای ئیسپانیا دانیشتبوون. هەرێمی کەتالۆنیا ساڵانێکی زۆرە داوای جیابوونەوە لە وڵاتی ئیسپانیا دەکەن، جیاوازی نێوان ئێمە و هەرێمی کەتالۆنیا ئەوەیە، کاتێك یاریزانە کوردەکان لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق پاڵەوانەتیەك یاخود دەستکەوتێك بە دەست دەهێنن، ناتوانن ئاڵای کوردستان بەرزبکەنەوە یاخود رێگەیان پێ نادەن ئەگەر ئەمکارەش بکەن ئەوە راستەوخۆ لە ریزی هەڵبژاردەکەیان دووردەخرێنەوە، بەڵام بە پێچەوانە لە کەتالۆنیا یاریزانەکان لە زۆربەی پاڵەوانەتیەکان ئاڵای هەرێمی کەتالۆنیا بەرزدەکەنەوە و شانازی پێوە دەکەن و لە یارییەکانی یانەی بەرشلۆنە مۆسیقای سروودی نیشتمانی هەرێمی کەتالۆنیا دەژەنرێت، بەبێ ئەوەی کەس ئەم یاریزانانە دووربخاتەوە یاخود سزایان بدەن.





# سەیر و سەمەرەکانی مۆندیال

لە چەند ژمارەی رابردوو باسی سەیر و سەمەرەکانی مۆندیالمان کرد، بەڵام ئەمجارە شتێکی زۆر سەیر لە وڵاتی ئوردن روویدا، رۆژنامەی (السبیل)ی ئوردنی لە هەواڵێکیدا ئاماژەی بەوەدا کە هاووڵاتیەکی ئوردنی ژنی بۆ کوڕەکەی دەهێنا و ئاهەنگی بۆ دەگێڕا، بەڵام وا رێکەوت کاتی ئاهەنگەکە هەمان کاتی یاری کۆتایی جامی جیهانی ٢٠١٠ بێت، بۆیە باوکی زاوا بۆ ئەوەی زۆرترین کەس ئامادەی ئاهەنگەکەی بێت، لە کارتی داوتنامەکە نووسیبووی ئەوەی ئامادەی ئاهەنگەکە بێت دەتوانێت سەیری یاری کۆتایی جامی جیهانی بکات، چونکە ناوبراو لە هۆڵی ئاهەنگەکە یارییەکەی راستەوخۆ گواستەوە بۆ ئامادەبووان.
ئەمەش نوێترین دیاردەیە لە وڵاتی ئوردن سەریهەڵدا.

# هونەرمەندێکی ئیماراتی هەوڵ دەدات پۆڵ بکڕێت





دوای ئەوەی هەشت پێیەکی ئەڵمانیا پۆڵ پێشبینی هەشت یاری لە جامی جیهانی ٢٠١٠ و ئەنجامداگشت پێشبینیەکانی تەواو بوو بە تایبەتی دوای ئەوەی پێشبینی سەرکەوتنی هەڵبژاردەی ئیسپانیای کرد لە جامی جیهانی، ئێستا هونەرمەندی ئیماراتی عەبدوڵلا بلخێر هەوڵ دەدات ئەم ئاژەڵە هەشت پێیە بکڕێت و بری ٤٠ هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکردووە، رۆژنامەی عکازی سعودی ئەم هەواڵەی بڵاوکردەوە و تەئکیدی کردەوە، کە ئەم هونەرمەندە ئیماراتییە تا ئێستا لە هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ ئەوەی ئەم ئاژەڵە بکڕێت.




بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514021 Email: sport@gulan-media.com